# خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لە نێو خێزاندا
## توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانیە لە شاری سلێمانیدا ئەنجامدراوە


د. کوردوستان عومەر محەمەد
بەشی کاری کۆمەڵایەتی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

م.ی. شۆخان محمود حسێن
بەشی کاری کۆمەڵایەتی
کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی



**کورتەی توێژینەوە:**

ژیانی مرۆڤ هەمیشە بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەر بووە، کەهەر قۆناغێك هەڵگری کۆمەڵێك سیفەتی دیاریکراو بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە لێرەدا تەواوی ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ لەماوەی ژیانیدا گوزەریان پێدا دەکات، پێویستی بە پرۆسەیەکی گرنگە کەپێی دەوترێت پرۆسەی گونجاندن، تاوەکو بتوانێت بەئاسایی بەڕێ بکات و تەواوی ئاستەنگەکانیش تێپەڕێنێت. هەرچەندە هیچ کات ناتوانین بڵێین کەسی گونجاو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یان دەروونیەوە یان خودییەوە یان هەر بوارێك لە بوارەکانی تری گونجاندن کەسێکی بێکێشەیە. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەشێ کەسێك گونجاوبێت لە تەواوی بوارەکانی گونجاندندا بەڵام هەمیشە کێشەو تەنگوچەڵەمەکانی ژیان بوونیان هەبێت لای. لەکاتێکدا ئەوەی ئەم کەسە لەوانیتر جیادەکاتەوە ئەوەیە کەتوانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە یان بە واتایەکی تر توانای وەڵامدانەوەی تەندروستی هەیە بۆ کێشەکان و ڕوانینێکی واقعیانەی دوور لە خەون و خەیاڵی بێ ئەنجامی هەیە بۆ ژیان. نەرمونیان مامەڵە لەگەڵ

گۆڕانكارییەكاندا دەكات.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت گۆڕاوی گونجاندنی كۆمەڵایەتی كە یەكێكە لە ڕەهەندە گرنگەكانی گونجاندن ببەستینەوە بە قۆناغێكی زۆر هەستیاری ژیانەوە كە قۆناغی پیرییە. كەسی بەساڵاچوو هەڵگری كۆمەڵێك دۆخ و سیفاتی دیاریكراوەو، هەر بۆیە بوونی ئاستێكی باش لە گونجاندنی كۆمەڵایەتی ئەشێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ژیانی بەرەو ئاقارو ئاڕاستەیەكی ئەرێنی بەرێت كە بتوانێت بەردەوامی بە ژیان بدات لە كەش و هەوایەكی ئارامی تەندروستدا .

لەم توویژینەوەیەدا كار لەسەر دوو دەروازە كراوە كە بریتین لە دەروازەی تیۆری و دەروازەی مەیدانی. لە دەروازەی تیۆریدا دوو بەش شوێنی بۆ كراوەتەوە كە بریتین لە: بەشی یەكەم، پێكهاتە سەرەكییەكانی توێژینەوەكەیە. بەشی دووەم، پەیوەندی گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بەچەند گۆڕاوێكەوەو تیۆرەكانی تایبەت بەگونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان. بەڵام دەروازەی دووەمی توێژینەوەكە بریتییە لە دوو بەش كە بەشی سێیەم، چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكەیە. بەشی چوارەم، خستنەڕوو هەروەها گفتوگۆكردنی ئامانجەكانی توێژینەوەكەیە. لە لایەكی تر ئاماژەدانە بە ئەنجامی توێژینەوەكە كە پێیگەیشتووین.

لە دیارترین ئەو ئەنجامانەش كە توێژینەوەكە پێی گەیشتووە ئەتوانین بەكورتی بڵێین گونجاندنی كۆمەڵایەتی لای بەساڵا چووان لەكۆمەڵگەی كوردیدا بەشێوەیەكی گشتی بوونی هەیە، لەكاتێكدا كۆمەڵێك بارودۆخی دیاریكراو كاریگەری نێگەتیڤییان هەیە لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لەكۆمەڵگەی كوردیدا. هەرچەندە ناكرێن نكوڵی لەوەش بكرێت كە ئەنجامەكانی توێژینەوەكە جەخت لەسەر بوونی چەند بارو دۆخێكی دەروونی و كۆمەڵایەتی ئەرێنی دەكەن بۆ گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لە كۆمەڵگەی كوردیدا. لەلایەكی تریشەوە بەپێی ئەو گۆڕاوانەی كە وەرگیراون لە توێژینەوەكەدا، تەمەن هیچ كاریگەرییەكی ئاماری لەسەر گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان دروست نەكردووە، بەڵام هەریەك لە گۆڕوەكانی (ڕەگەز، باری خێزانی، ئاستی بژێوی خێزان) بەپێی ئەنجامە ئامارییەكان، كاریگەری لەسەر گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووان دروست كردووە. لە كۆتایشدا خستنەڕووی چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك و لیستی سەرچاوە بەكارهاتووەكانی ناو توێژینەوەكەو پاشكۆكان و كورتەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی و بە زمانی ئینگلیزی یەك لەدوای یەك خراونەتەڕوو.

## دەروازەی یەکەم- لایەنی تیۆری:

## بەشی یەکەم- پێکهاتە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم- کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی هەر توێژینەوەیەك سەرەتا لەپرسیارێکەوە دەستپێدەکات کە توێژەر دەیەوێت بگات بە وەڵامێکی زانستی دروست بۆی، کێشەی ئەم توێژینەوەیە وەك تەواوی توێژینەوە زانستییەکانی تر، لەم پرسیارەوە دەست پێدەکات: ئایا بەساڵاچووانی کورد توانیویانە لە نێو خێزانداو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان بگونجێنن ؟

قۆناغی بەساڵاچوون یەکێکە لەو قۆناغانەی کە مرۆڤ پیایدا تێپەڕدەبێت. بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە جەستەو هزرو بیرو دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتیاندا ڕوودەدات کۆمەڵێك کێشەو گرفتی جیاواز بۆ بەساڵاچوو دەخولقێنن. وەك لاوازبوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، کەمی بەشداری کردن لە چالاکیە جۆراو جۆرەکاندا، دابڕان لەکارو خانەنشین بوون، گوێنەدان بە بڕیارو ڕاو بۆچوونەکانیان، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیاو زانیاری کەلێنێکی گەورە لە نێوان نەوەی نویَو کۆندا دروست دەبێت. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە هەستو نەستی بەساڵاچوواندا جێدەهێڵێت کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی بەساڵاچوو توانای گونجاندنی لاواز یان لەدەستیبدات. هەروەها بەساڵاچووانی کوردستان، بەهۆی شەڕە یەك لەدوای یەکەکانی ناوخۆو عێراقو گەمارۆی ئابووری و ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە، وایکردووە زۆربەی تەمەنیان لە جەنگو پاشماوەکانی جەنگ بەسەربەرن. پیاوانی بەساڵاچوو بە سەربازی یان دەربەدەری گرفتار بوون. کە دەرئەنجامی ئەم هۆکارانە، نەیان توانیوە کارێکی فەرمیان هەبێتو پاشەڕۆژێکی دڵنیا بۆ خۆیان بنیات بنێنن. زۆریشیان ئێستا بەبێ هیچ داهاتێك چاوەڕێی مردن دەکەن(ڕێکخراوی دەنگی پیران، ٢٠٠٨،ل١٩). بەهەمان شێوە ژنانی بەساڵاچوو، لەپاڵ نەهامەتییە سیاسیەکانی کوردستان، هاوکات قوربانی دابونەریتە کۆنەکان بوون کەڕێگری لەچوونە دەرەوەی ئافرەتان کردووەو نەیان توانیوە پیشەیەکی گونجاو بۆ داهاتووی خۆیان بنیات بنێنن.تەواوی ئەم بارودۆخانە پاڵنەربوون بۆ ئەوەی کە توێژەران بیر لە بابەتێکی ئەوها بکەنەوە بۆ توێژینەوە.

**دووەم-گرنگی توێژینەوەکە:** لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم توێژینەوەیە لەلایەنی مەیدانی و تیۆری پێکدێت، بۆیە ئەکرێت گرنگی توێژینەوەکە دابەش بکەین بەسەر هەریەك لە:

١. **گرنگی تیۆری:** خۆی لەو بابەتو زانیاریانەدا دەبینێتەوە کە بەپاڵپشتی پەرتوكو توێژینەوە زانستیەکان بەدەست هاتوون بۆ خستنەڕووی بابەتەکانی تایبەت بە بەساڵاچووان و گونجاندنی بە ساڵاچووان، وەك توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە کە ناکرێت پەراوێز بخرێن. بەڵکو دەبێت سوود لە ئەزموونو هزرو تواناو

شارەزایەکانیان وەربگیرێت بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگە.

٢. **گرنگیی مەیدانی:** خۆی لەخوێندنەوەی واقعی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە بۆ بابەتی توێژینەوەکە. واتە چوونە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو وەرگرتنی زانیارییەکانو شیکارو لێکدانەوەی زانیارییەکان بۆ مەبەستی دەرکردنی ئەنجامی زانستی دروست لەسەر بابەتی توێژینەوەکە کە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانە لەنێو خێزاندا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:** بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی چەند ئامانجێك بوونی هەیە کە توێژەر بەپێویستی دەزانێت کاریان لەسەر بکات، هەر بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەچوار چێوەی ئەم ئامانجانەی لای خوارەوەدا کاربکەینو وەڵامی زانستی دروست بۆ هەریەك لەم ئامانجانە دەستەبەر بکەین:

١. دەستنیشانکردنی ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا.

٢. دەستنیشانکردنی دیارترین ئەو بارو دۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤانەی کەلای بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا بەدیدەکرێت و کاریگەرن لەسەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان .

٣. دەستنیشانکردنی دیارترین ئەو بارو دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤانەی کەلای بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا بەدیدەکرێت و کاریگەرن لەسەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان.

٤. دیاریکردنی جیاوازی لە خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بەپێی گۆڕاوەکانی، تەمەن، ڕەگەز، باری خێزانی، دواجار ئاستی بژێوی.

**چوارەم- پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم- گونجاندن:** ئەم چەمکە لەزانستی بایۆلۆجیادا بەکاردەهێنرێ بۆ ئاماژەکردن بە گونجاندنی بوونەوەری زیندوو لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا. دەشێ لەکاتی پرۆسەی گونجاندندا گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر بوونەوەری زیندوودا بێت بۆ پارێزگاری کردن لە جۆری خۆی، یاخود گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتاریدا بێت وەك بەدەمەوە هاتنی بۆ گۆڕانکاری ژینگەکەی، بەڵام لەکۆمەڵناسیدا، چەمکەکە ئاماژە بەو گۆڕانە دەکات کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی یاخود ڕوناکبیریدا ڕوودەدەن، یاخود لەهەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا وەك سیستەمی خێزانی ڕودەدات (سەید،٢٠٠٩،ل١٣٧). لەلایەکی دیکەوە پێناسە دەکرێت بە، کۆمەڵە ڕەفتارێك کەتیایدا تاکەکان هەوڵ دەدەن زاڵبن بەسەر هەموو ئەو تەنگژەو قورساییانەی کەبەرەنگاریان دەبێتەوە لە کاتی بە دەستهێنانی پێویستیەکانیان. هەموو ڕەفتارێك هەوڵێکە بۆ گونجاندن کە ئامانجی هەموو بونەوەرێکی زیندووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو ڕەفتارێك ببێتە هۆی گونجاندنی ڕاستو دروست(محەمەد،

(٢٠١٣،ل٣٨٤).

بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین گونجاندن بەگۆڕانکاری تاك لە هەڵسوکەوت و گوفتارەکانی دادەنرێت بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکاریە خودی و ژینگەیەکەیدا .

**دووەم: گونجاندنی کۆمەڵایەتی:** پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە کە دوو لایەن دەگەنە چاکسازی لە پێناو دوورکەوتنەوە لە ململانیٚ و بۆ بەدەستهێنانی زۆرێك لەدەستکەوتی، ئابووری و کۆمەڵایەتی یاخود دەروونی (زهران،١٩٨٨،ص٢٦). واتا هەموو ئەو هەوڵ و توانایانەیە کە تاك دەیدات بۆ دروست کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵا یەتی گونجاو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەگەڵیاندا دەژین لە هەر شوێن و جێیەك بێت. هەروەها بەکارهێنانی کاتە بەتاڵەکانی بەکاری سوودبەخش و بەشداریکردنیەتی لە چالاکیە جۆراوجۆرەکاندا (أبو عوچ،٢٠٠٨،ص ٢٠٥). لەلایەکی دیکەوە پێناسە دەکرێت بە هەموو ئەو هەوڵانەی کە تاك دەیدات کاتێك کە رووبەڕووی کێشەیەك یان ململانێیەکی دەروونی دەبێتەوە بۆ گۆڕینی ئاراستەو بەهاو داب و نەریتەکانی، تا لەگەڵ ئەو گروپەدا بگونجێت کە پێکەوە دەژی(بدوی،١٩٧٧،ص٣٨٠).

کەواتە ئەتوانین بڵێین پێناسەی تیۆری بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی، بەو گۆڕانە دادەنرێت کە پێویستە بەسەر ڕەفتارەکانی تاکدا بێت، تاکو بتوانێت بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کەتیایدا دەژی .

**سێیەم: بەساڵاچوو:** لەڕووی بایۆلۆجیەوە پێناسە دەکرێت بەو کەسەی کە گۆڕانکاری لە تێکڕای خانەو شانەو ئەندامەکانی لەشیدا ڕوودەدات، کە بە گۆڕانکاری سستکارو تێکدەر ئەژمار دەکرێت. بەو پێیە کار لە فرمانەکانی تێکڕای ئەندامەکانی لەش دەکەن. لەئەنجامیشدا ئەندامە گرنگەکان بەشێك لە فرمانی ئاسایی خۆیان لەدەست دەدەن(قەرەداغی،٢٠٠٥،ل١٣٢). هاوکات لەڕووی دەروونیەوە زۆر جار بەساڵاچوو پێناسە دەکرێت بەو کەسەی ناتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو خۆی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنێت. چونکە گونجاندن لە کاتێکدا بەرجەستە دەبێت کە ئەو کەسە بتوانێت بەشێوەیەکی دروست و سەرکەوتوو هەڵسەکەوتی خۆی لەگەڵ گۆرانی بارودۆخی کۆمەڵگەدا بگۆڕێت(حسن و فهمی، ٢٠٠٠،ص١٩). لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بەساڵاچوو پێناسە دەکرێت بەو کەسەی گەیشتبێتە تەمەنی پیری و پێگەو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تاڕادەیەك لەدەست دابێت، کەبۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێوان خۆی و خێزان و کۆمەڵگەی دەرەکی، پێویستە(أحمدالفقی،٢٠٠٨،ص٢٥)، هەروەها زۆرێك لە زانایان ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە قۆناغەکانی پیری کە زۆرجار لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، هیرلوك ئاماژە بۆ سێ قۆناغ لە پیری دەدات ئەوانیش بریتیە لە:

١. قۆناغی سەرەتا لە بەرەو پێشچوونی تەمەن کەدەکەوێتە نێوان (٦٠-٦٩)ساڵی.

٢. قۆناغی ناوەندی لەبەساڵاچوونی تەمەن کەدەکەوێتە نێوان (٧٠-٧٩) ساڵی.

٣. دوا قۆناغی بەساڵاچوون کەلە(٨٠) ساڵی و بەرەو ژوور تاکۆتایی تەمەنە (خلیفە، ١٩٩٧،ص١٢).

بەپێی ئەو پێناسانەی کەبۆ قۆناغی پیری خستمانە ڕوو، ئەکرێت پێناسەی تیۆری چەمکەکە بەم شێوەیە بکەین: بەساڵاچووان ئەو کەسانەن کە تەمەنی(٦٠) ساڵی و بەرەوژووریان تێپەڕاندووە و زیاتر پشت بەوانیتر دەبەستن. ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی فەرمانی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە بەپێی جیاوازی کەسێتی بەساڵاچوو هەروەها پێوەرە کۆمەڵایەتی و دواجار ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، دەگۆڕێت.

**چوارەم: خێزان** : ئاماژەیە بۆ کۆمەڵە تاکێك کە پەیوەندی هاوسەرگیری و خوێن پێکیانەوە دەبەستێ، کە لە یەك یەکەی نیشتەجێبووندا دەژین و کارلێکی بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، هەروەك چەند ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی جیاواز دەگێڕن و خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەشی خۆیانن(حسن،١٩٦٧،ص١). لەلایەکی دیکەوە خێزان پێناسە دەکرێت بە بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی و شانۆی کارلێك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. تیایدا تاکەکەس لە دایك دەبێت و گەشە دەکات و پێدەگات و دەبێتە ئەندامێکی سەربەخۆی پشت بەخۆ بەستوو. بە هۆی خێزانەوە تاکەکەس ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان لەناو و دەرەوەی خێزان وەردەگرێت و فێر دەبێت و ڕۆڵ و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بۆ دەستنیشان دەکرێت(القصیر،أحمد،و: بۆکانی ،٢٠٠٢،لا١١). بەپێی پێناسەکانی پێشوو ئەتوانین چەمکی خێزان بەشێوەیەکی تیۆری بەم جۆرە پێناسە بکەین: گروپێکە لەو تاکانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیوەندییە خزمایەتییەکاندا بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەندامە گەورەکانیش بەرپرسیارێتی سەرپەرشتی و چاودێری ئەوانیتری لە ئەستۆدایە.

## بەشی دووەم- پەیوەندی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بەچەند گۆڕاوێکەوە لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی تایبەت بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان:

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە دوو باس هەریەك لە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان و چەند گۆڕاوێکی پەیوەست بەو قۆناغەوە بخەینەڕوو، لەگەڵ دیارترین ئەو تیۆرانەی کە لە بەساڵاچووان دوواون.

### باسی یەکەم- پەیوەندی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان بەچەند گۆڕاوێکەوە:

گرنگترین ئەو گۆڕاوانەی کە پەیوەندی بە گونجاندنی بەساڵاچووانەوە هەیە:

١. گۆڕاوی باری تەندروستی: زۆرجار بەساڵاچووان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك

کێشـەی تەندروسـتی دەبنـەوە، کـە دەبێتـە هـۆی لەدەسـتدانی ڕۆڵ و کارلێك و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانیان و هـەروەها ڕێگـری لـە ئەنجامدانی چالاکییە جیاوازەکانیـان دەکات و نـاتوانن سـوود لـە کـاتی بـەتاڵیان وەربگـرن، پاشـان تێکچـونی بـاری دەروونـی لێدەکەوێتـەوە، کەئەمـەش ڕاسـتەخۆ کاریگـەری نـەرێنی لەسـەر ئاسـتی گونجاندنیان دروستدەکات(أحمدالفقی،٢٠٠٨،ص٧٤). وەك سستبوونی فرمانەکانی چاوو لاواز بوونی هەستی بیستن و تام کردن (هەستەوەرەکان بە گشتی )و لاوازبـوونی ئێسك و ماسولکەکان کـەڕێگری لەجوڵـە و ڕێکـی جەسـتەی دەکـات (کاریـت ،٢٠٠٢،ص٩٥)، هـەر بۆیـە ڕەخسـاندنی کەشـێکی لـەبار بـۆ بەساڵاچـووان و هاوکاریکردنیـان لـە لایـەن ئەنـدامانی خێزانەکانیانـەوە یارمەتیـدەرێکی بـاش دەبێـت تـاکو خۆیـان لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە نوێیـەی تەندروسـتیان بگـونجێنن، هـەروەها شـارەزایانی بـواری کۆمەڵناسـی پێیانوایـە کـە خێـزان پێکهاتەیـەکی گـرنگ و بنـەڕەتی نێـو کۆمەڵگەیـەو کەسـانی بەساڵاچـوو مـافی ئـەوەیان هەیـە لەنێویـدا کـاتێکی ئاسوورده بەسەر بەرن و، چێژ لە ژیانی خێزانی خۆیان وەربگرن،( میند،٢٠٠٢ ,ص٣٠ ).

٢. گۆڕاوی خانەنشین بوون: بەردەوامبوونی بەساڵاچووان لەسەر کارکردن و پاراستنی ئاسایشی ئابووری لە لایەن خودی بەساڵاچووان خۆیانەوە، بە یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە یارمەتیدەردەبن بۆ گونجاندنێکی تەندروست، چونکە کارکردن هۆکارێکی گرنگە بۆ بەساڵاچووان تاکو بتوانن بەهۆیـەوە پێگـەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیانی پێ بپارێزن و بوونی خۆیان لە ژیاندا بەرجەستە بکەن (السید،١٩٧٥،ص٤٣٩). پێویستە ئەوەش بخرێتەڕوو کە هەندێك جار کاریگەرییەکانی خانەنشین بوون لەسەر کەسانی بەساڵاچوو لەو کاتانـەدا زیاتردەبێـت کـە لەگـەڵ گۆڕاوەکـانی دیکـەی وەك کـەم دەرامـەتی و خراپـی دۆخـی تەندرووسـتیدا یەکـدەگرن، چـونکە هـیچ هیوایـەکیان بـە ژیـان نامێنێـت کـە بێگومـان ئەمـەش ئاسـتی گونجانـدنیان لاواز دەکات(عکلەالزبیدی،٢٠٠٩،ص٢٤١).

٣. گۆڕاوی ئاسایشی ئابووری: هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە کە پەیوەندییـەکی ڕاستەوخۆ لـە نێوان ئاسـتی بژێوی و گونجانـدنی بەساڵاچـوواندا هەیـە، بـە جۆرێـك تـاکو ئاسـتی بـژێوی بەساڵاچـوو گونجـاو بێـت، ئاسانتر دەتوانێت خۆی لەگەڵ قۆناغی پیریدا بگونجێت، بەتایبەت لـەدوای خانەنشین بوون، ئەگـەر کەسێکی بەساڵاچوو خاوەنی ئاسایشی ئابووری خۆی بێت، بەئاسانی دەتوانێت پیشـەیەکی دی بدۆزێتـەوەو ئاسایشـی ئابووری خۆی پێ بپارێزێت، بەمەش کەسی بەساڵاچوو لـە گۆشـەگیری و دڵـە ڕاوکـێ دوور دەخاتـەوەو هاوکـاری بەردەوامبوونی پەیوەندی و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانی دەدات، هەروەها بەهۆی جێگیری ئابووریشیانەوە باشتر دەتـوانن پێداویسـتیە جۆراوجۆرەکانیـان پڕبکەنـەوە(علوان الزبیـدی،٢٠٠٩ ، ص٧٦-٧٧). بـەڵام هەنـدێك جـار

بەساڵاچووان بەهۆی لەدەستدانی کارەکەیان و خانەنشین بوونیانەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ هاوڕێکانیان لاواز دەبێت و زۆرترین کاتەکانی ژیانیان بە بێ ئیشی و گۆشەگیری دەمێننەوە (سلیمان،٢٠٠٨،ص٨٧).

٤. گۆڕاوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان: لە لایەکی دیکەوە، هەڵکشانی تەمەن و گەیشتن بە تەمەنی بەساڵاچوون کاریگەری راستەخۆی بۆ سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، چونکە زۆرجار خراپی دۆخی تەندروستی و لاوازی ئاستی ئابووری و سەربەخۆبوونی منداڵەکانیان و گیان لەدەستدانی یەکێك لەهاوسەرەکان، سنوور بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەساڵاچووان دادەنێت، هەربۆیە چەند بتوانن پارێزگاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن و لە خێزان و هاوڕێ و دۆستەکانیان نزیك بن، زیاتر دەرفەتی گونجاندن ئاسانتر دەکات (أبوعوچ،٢٠٠٨،ص٢٠٥). هاوکات گۆڕانکارییە فرە رەهەندەکانی کۆمەڵگە، کاریگەری ریشەیی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان درووستدەکەن، ئەمەش رەنگدانەوەی توند لەسەر ژیانی بەساڵاچووان جێدەهێڵێت، چونکە هەندێك جار بەهۆی بارگرانی ژیان و سەرقاڵبوونی ئەندامانی خێزان بەژیانی تایبەتی خۆیانەوە، ناچاردەبن لە دایك و باوکە بەساڵاچووەکانیان دووربکەونەوەو توانای خزمەتکردن وچاودێریکردنیان نامێنێت(الخگیب،٢٠٠٨،ص٨٨-٩٠).

٥. گۆڕاوی بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا: هەرچی پەیوەندی بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە هەیە، هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە جۆراوجۆری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و بەئەنجام گەیاندنیان بەشێوەیەکی رێك و پێك، یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ بەساڵاچووان تاکو بتوانن وەك کەسێکی چالاك لە ژیاندا بمێننەوە، لەو بارەیەوە (دی کارلۆ) پێیوایە کە بەشداریکردن لەچالاکییەکانی وەك ( کاری دەستی، باخەوانی، سەردانکردنی دۆستان، خوێندنەوە،خولی زانستی، بۆنەو ئاهەنگەکان، گەشت وگەڕان، ...)، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی یارمەتی بەساڵاچووان دەدات تاکو بەشێوەیەکی تەندرووست خۆیان لەگەڵ ئەو قۆناغەی تەمەندا بگونجێنن. هەروەها چالاکییە ئایینیەکانی وەك( ئامادەبوون لە وانە ئاینییەکان، خوێندنەوەی قورئان، بەشداربوون لە بۆنە ئاینییەکان،...) کە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی مرۆڤەکان لەکۆتاییەکانی تەمەنداو لەسەروبەندی بەساڵاچووندا زیاتر هۆگریان دەبێت و وەك ئامانجێکی روحی لێیان دەڕوانێت و بەوهۆیەشەوە ئەنجامێکی ئەرێنی بە ئاراستەی گونجاندنێکی دروست بۆ سەر ژیانیانی لێدەکەوێتەوە(الفقی، ٢٠٠٨،ص ٨٣).

٦. گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی: سەرەڕای هەموو ئەوانەی باسکران، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گونجاندنی بەساڵاچووان پەیوەندییەکی راستەوانەی بە باری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەتایبەتی پەیوەندی

هاوسەری بۆ بەساڵاچووان بە فاکتەرێکی گرنگی یارمەتی و هاوکاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە بەهۆیەوە کەسی بەساڵاچوو هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات، چونکە هەستێکی وای بۆ دروست دەکات کە کەسانێك لەدەوروبەری هەن گرنگی پێدەدەن و لێی تێدەگەن و لەگەڵیدا دەگونجێن(السيد،١٩٧٥،ص٤٣١)، بەڵام هەندێك دۆخی واش بوونی هەیە کە کەسی بەساڵاچوو ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە دەبێتەوە، بەتایبەتی خراپ مامەڵەکردن لەلایەن دەوروبەرەوە و فەرامۆشکردن و داڕنینیان لە بڕیارو خاوەندارێتی(بدر،٢٠٠٧،ص١٢٤)، کەهەموو ئەمانەش لە بەهای بەساڵاچوو کەم دەکەنەوە و وادەکەن کە بەساڵاچوو بەبێ ئامانج و خواست بژین. (سورەیا جوبرایل )لە میانەی توێژینەوەکەیدا، ئاماژە بەوە دەکات کە مردنی هاوبەشی ژیان، یەکێکە لە گرنگترین ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوی بەساڵاچووان دەبێتەوەو هەستی تەنیاییان لا دروست دەکات، کاریگەری ئەم بارودۆخەش لەوکاتانەدا زیاتردەبێت ، کە منداڵەکانیان لێیان دوورکەوتوونەتەوەو سەرقاڵی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان بن ، لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەشدا هەندێك لە بەساڵاچووان بەمەبەستی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو دۆخە نوێیەیان، پەنادەبەنەبەر کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆر کە لەگەڵ تایبەتمەندی و توانای هزری و جەستەییاندا بگونجێت، بەتایبەتیش بەشداریکرن لە بۆنە ئاینییەکان و سەردانی ڕۆژانەی مزگەوت، کە بەهۆیەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ دروست دەکەن(الفقی،٢٠٠٨،ص٨٤).

**باسی دووەم- تیۆرەکانی تایبەت بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان:**

گرنگترین تییۆر بۆ ڕاڤە کردنی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکەیاندا بریتین لە:

١. تیۆری کشانەوە: ئەم تیۆرە لەلایەن (کاننج و هنری ) لەساڵی ١٩٦١ دایڕژاوە. باس لە دابەزینی ئاستی کارلێك و چالاکییە کۆمەڵایەتیەکانی بەساڵاچووان دەکات، وەك وەڵامدانەوەیەکی ئاسایی بۆ سەرجەم ئەو گۆڕانکاریە سروشتیانەی وەك بەشێك لە پیربوون بەسەریدا دێت. پێویستە بە ساڵاچووان ئەو ڕۆڵ و بوارانەی کەناتوانن بەباشی و سەرکەوتوی بەئەنجامی بگەیەنن جێیبهێڵن بۆ کەسانی تر کەتەمەنیان لە خوار تەمەنی بەساڵاچوەوەیە(عكلە الزبيدی،٢٠٠٩،ص٢٠٦). دیارە جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە بە جیاوازی کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت. بەهەمان شێوە بەجیاوازی کارو پیشە جیاوازەکانی بەساڵاچووانیش دەگۆڕێت. بۆ نموونە ئەوانەی کاری وێژەو هونەرو وانەوتنەوەو دەکەن ئەم تیورەیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت. هەروەها لایەنی باشی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە ئەبێتە هۆی فەراهەم کردنی هەلی یەکسان بۆ کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا.

لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری ئاستەنگ و بێزاریەکانی بەساڵاچووان دەکات لە ئەرکە وەزیفیەکەیاندا ڕێگەیەکی باشە بۆ گونجاندنیان لە ژیاندا.

٢. **تیۆری چالاکی:** ئەم تیۆرە لە لایەن (فریدمان و هافیجرست و میلر )دانراوە. جەخت لە بەردەوامی پەیوەندییەکانی بەساڵاچووان دەکاتەوە، سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ گۆڕانکارییە فسیولوجی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان. وابەستە بوون بەو ڕۆڵانەوە کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا بەئەنجامیان گەیاندوە، یان گۆڕیویانە بە ڕۆڵی تر، وەك ئامادەکاریك بۆخانەنشین بوون، زۆر بەسوودە بۆباش بوونی ئاستی بژێوی خانەنشین لە پاشەڕۆدا. کەسی گونجاو بە پێی ئەم تیۆرە ئەو کەسەیە، زۆرێك لە چالاکی، وەك بەرەنگاربوونەوەی بۆ بەساڵا چوونەکەی، بەکاردەهێنێت لەپێناو بەرزبوونەوەی هەستی معنوی و ڕازی بوونیان لە ژیان (صیام، ٢٠١٠،ص٣٧-٣٨).

## دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

## بەشی سێیەم- چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

هەموو ئەو بوارو کارانە دەگرێتەوە، کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت. بەپیی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە توێژینەوە وەسفییە شیکارییەکان کە خاڵی سەرەکی تیایدا، کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و دابەشکردن و شیکردنەوەیانە، بەئامانجی گەیشتن بە ئەنجامەکان(الحسن، ١٩٨٥،ص١٩٨)، هەربۆیە پێویستمان بەوەیە کە میتۆدی توێژینەوەکە دیاری بکەین. بۆ ئەم مەبەستە ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردن و خستنە ڕووی، میتۆدی بەکارهاتوو، کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها بوارەکان و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.

**یەکەم- میتۆدی توێژینەوەکە:** مەبەست لە میتۆد کۆمەڵێك ڕێسای گشتییە بۆ گەیشتن بە ڕاستی زانستی و ئەنجامە دیاری کراوەکانی توێژینەوەکە(السماك وأخرون،١٩٨٦،ص٤٢). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێویی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە. بەو ئامانجەی کە ئەم میتۆدە یەکێکە لە میتۆدە سەرەکیەکان لە توێژینەوە وەسفیەکاندا بەکاردەهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵگە. جا بەڕاستەوخۆ بێت یان بە ناراستەوخۆ پەیوەندیان پێوە دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆرمی توێژینەوە یان چاوپێکەوتنەوە ئەنجامدەدرێت (غرایبە واخرون، ٢٠٠٣، ص٣٣). هاوکات ئەم میتۆدە تەنها بە وەسفکردن ناوەستێت، بەڵکو کاردەکات بۆ باسکردن و شیکرنەوەی

گۆڕاوەکان بەشێوەیەکی زانستی، لە توێژینەوە مەیدانیەکانیشدا بە گرنگترین میتۆد دادەنرێت(عبیدات و ابو السمید ،٢٠٠٢،ص١١٢) .

**دووەم- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** هەموو ئەو انەن، کە توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە. دەشێت ئەو کۆمەڵگەیە تاک یان گروپ یان دامەزراوە بێت. ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئامانجەی کە توێژەر مەبەستێتی لە توێژینەوەکەیدا (بوچرغم،٢٠٠٠،ص٦٩). لێرەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم ئەو بەساڵاچووانەی کە لە نێو خێزانەکانیاندا ژیان بەسەردەبەن لە ناوەندی شاری سلێمانیدا بۆساڵی (٢٠١٦- ٢٠١٧).

سێیەم-نمونەی توێژینەوەکە:هەرچەندە تا ئێستا ئامارێکی وورد لەبەردەستدا نیە بۆ ئەم بابەتە. بۆیە یاسای(مۆزەر) بەکارهێنراوە بۆ دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەوەکە. بەپێی ئەم یاسایە واماندانەوە کە لادانی پێوەری کۆمەڵگەی توێژینەوەکە(١١) پلەیەو نمرەی دەلالەت(+٢). هەروەها ئاستی متمانەش(٩٥٪). بەم جۆرە ژمارەی یەکەکانی نمونەکە(١٢١) بەساڵاچووی دانیشتووی شاری سلێمانی دەرچووە. کە ڕاستکردنەوەی بۆ کراوەو(١٢٦) بەساڵاچوو وەك نمونە وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکە، لەهەردوو ڕەگەزی(نێر-مێ)، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادەو بەمەرجی ئەوەی کەتەمەنیان لە(٦٠)ساڵ و بەرەوژووردا بێت. هەروەها بۆ ئەوەی ئامانجی ئەوە بپێکین کە ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتییەیان لەناو خێزاندا دەستنیشان بکەین توێژینەوەکە لە چەند گەڕەکێکی شاری سلیمانیدا ئەنجامدراوە بەو شێوەیەی کەلە خشتەی(١) خراوەتەڕوو. پاشان خەسڵەتە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوەکەش لەخشتەی(٢)خراوەتەڕوو.

خشتەی(١)دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڕەکەکانی ناوەندی شاری سلیمانیدا

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی فۆڕم | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئازادی | ٢١ | هەوڵدراوە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی بەسەر سێ ئاستی جیاوازدا دابەش بکرێت و پاشان بۆ هەر ئاستێك دوو گەڕەك وەر بگیرێت لەڕێگەی تیرو پشکەوە. |
| ٢. | خەبات | ٢١ | |
| ٣. | مامۆستایان | ٢١ | |
| ٤. | زەرگەتە | ٢١ | |
| ٥. | بەختیاری کۆن و تازە | ٢١ | |
| ٦. | هەوارەبەرزە | ٢١ | |
| | کۆی گشتی | ١٢٦ فۆڕم | |

خشتەی(٢) خەسڵەتە دیمۆگرافییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان | | دووبارەکان | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| تەمەن | (٦٠-٦٩) | ٨٤ | ٦٦,٦٦٪ | ١٢٦ |
| | (٧٠-٧٩) | ٢٦ | ٢٠,٦٣٪ | |
| | (٨٠-٨٩) | ١٥ | ١١,٩٠٪ | |
| | (٩٠-٩٩) | ١ | ٠,٧٩٪ | |
| ڕەگەز | نێر | ٦٧ | ٥٣,١٧٪ | ١٢٦ |
| | مێ | ٥٩ | ٤٦,٨٢٪ | |
| باری خێزانی | ڕەبەن | ١ | ٠,٧٩٪ | ١٢٦ |
| | خێزاندار | ٩٤ | ٧٤,٦٠٪ | |
| | جیابووەوە | / | / | |
| | تاکمردوو | ٣١ | ٢٤,٦٠٪ | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | ٧٥ | ٥٩,٥٢٪ | ١٢٦ |
| | دەخوێنێت و دەنوسێت | ١٠ | ٧,٩٣٪ | |
| | سەرەتایی | ٢٦ | ٢٠,٦٣٪ | |
| | ناوەندی | ٧ | ٥,٥٥٪ | |
| | ئامادەیی | ١ | ٠,٧٩٪ | |
| | زانکۆوپەیمانگە | ٧ | ٥,٥٥٪ | |
| شێوازی ژیان | لەگەڵ هاوسەر | ٩٠ | ٧١,٤٢٪ | ١٢٦ |
| | کوڕ | ٢١ | ١٦,٦٦٪ | |
| | کچ | ٦ | ٤,٧٦٪ | |
| | بەتەنها | ٤ | ٣,١٧٪ | |
| | شێوازی تر | ٥ | ٣,٩٦٪ | |
| جۆری نیشتەجێبوون | موڵك | ١١٧ | ٩٢,٨٥٪ | ١٢٦ |
| | کرێ | ٨ | ٦,٣٤٪ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | جۆری تر | ١ | ٪٠,٧٩ | |
| پیشە | فەرمانبەر | ٨ | ٪٦,٣٤ | ١٢٦ |
| | بێکارو بێ مووچە | ٦٩ | ٪٥٤,٧٦ | |
| | خانەنشین | ٣٠ | ٪٢٣,٨٠ | |
| | کاسب | ١٩ | ٪١٥,٠٧ | |
| ئاستی بژێوی | باش | ١٨ | ٪١٤,٢٨ | ١٢٦ |
| | ناوەند | ٨٧ | ٪٦٩,٠٤ | |
| | نزم | ٢١ | ٪١٦,٦٦ | |

**چوارەم: بوارەکانی توێژینەوە:**

**١ . بواری شوێن: مەبەست لە بواری شوێن ئەو ناوچە جوگرافیایەیە ،کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەناوەندی شاری سلێمانی .**

**٢ . بواری مرۆیی: بواری مرۆیی توێژینەوەکە بریتیە لەو بەساڵاچووانەی کەلە نێو خێزاندا دەژین و تەمەنیان لە٦٠ساڵ بەرەوژوورە.**

**٣ . بواری کاتی: مەبەست لە بواری کاتی ئەو ماوەیەیە، کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دراوە. کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەیە ماوەی نێوان (١٥ / ٣/ ٢٠١٧ بۆ١٥ /٦/ ٢٠١٧) خایاندووە. ئەم ماوەیە بەتاڵکردنەوەو شیکردنەوەی زانیاریەکانی فۆرمی توێژینەوەکەو دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە.**

**پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

**١. بونیادنانی پێوەری توێژینەوە: بۆ ئەم مەبەستە سوودمان لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، هاوکات لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە. دواتر پسپۆڕان و شارەزایانی بوارە جۆراو جۆرەکان، بە تێبینی و سەرنجەکانیان سوودێکی زۆریان پێگەیاندین تاپێوەری توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستی وورد و گونجاو ئامادە بکرێت. دوای هەموو ئەوهەنگاوانەی سەرەوە، پێوەری توێژینەوەکە ئامادە کراوە، کە بریتیە لە (٤٤) بڕگەی تایبەت بە گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان و هەروەها (٨)پرسیاری دیمۆگرافی لەسەر نمونەی توێژینەوەکە. وەڵامی هەر بڕگەیەك دابەشکراوە بەسەر چوار هەڵبژاردەدا کە بریتین لە، (هەمیشە بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت، بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت، بەسەرمدا جێبەجێ نابێت، هەرگیز بەسەرمدا جێبەجێ نابێت).**

هەروەها هێزی بەرامبەر بڕگە پۆزەتیڤەکان بریتین لە(٤، ٣، ٢، ١). هێزی بەرامبەر بڕگە نێگەتیڤەکانیش بریتین لە(١، ٢، ٣، ٤).

فۆرمی توێژینەوەکە هەردوو خەسڵەتی(ڕاستگۆیی، جێگیری) بۆ ئەنجام دراوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ- ڕاستگۆیی فۆرمی توێژینەوەکە: واتای ڕاستی بڕگەکانی فۆرمەکە. بەئامانجی پەیوەندی لەنێوان پرسیارەکان و بابەتی توێژینەوەکە، شێوازی( ئاشکرای ڕاستێتی ـ الصدق الظاهری ) بەکارهاتووە. کە بریتیە لە دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر پسپۆڕان و شارەزایاندا بۆ زانینی ڕاو بۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە. بۆ ئەو مەبەستە توێژەران فۆرمی ئامادەکراویان بەسەر(٥) پسپۆڕدا دابەشکرد. پاش وەرگرتنەوەی فۆرمەکان لە پسپۆڕان و بەهەند وەرگرتنی بۆچوون و تێبینیەکانیان، شێوازی کۆتای بۆ فۆرمەکە داڕێژراو. ڕاو بۆچوونی پسپۆڕانیش لەم خشتەیەدا سەبارەت بەتەواوی بڕگەکان خراوەتەڕوو:

خشتەی(٣) ڕای شارەزایان سەبارەت بە بڕگەکانی فۆرمی توێژینەوەکە

| ژمارەی تایبەت بەبڕگەکان | ژمارەی بڕگە | ژمارەی ئەو پسپۆڕانەی قبوڵیانکردووە | ڕێژەی قبوڵکردن | ڕێژەی سەدی قبوڵکردن | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|
| لەبڕگەی (٩-٥٢)جگە لەبڕگەکانی(١١،١٣، ١٤، ١٥، ٢٤، ٢٥،٢٦، ٢٧،٢٨، ٣١، ٣٤، ٣٥،٣٦، ٣٧، ٤٠،٤٢، ٤٤، ٤٦، ٤٩، ٥١) | ٢٤ | ٥ | ٥/٥ | ٪١٠٠ | گونجاو |
| بڕگەکانی (١١، ١٣، ١٤، ١٥، ٢٤، ٢٥، ٢٧، ٢٨، ٣١، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٤٠، ٤٢، ٤٤، ٤٦، ٤٩، ٥١) | ١٩ | ٤ | ٥/٤ | ٪٨٠ | گونجاو |
| بڕگەی (٢٦) | ١ | ٣ | ٥/٣ | ٪٦٠ | گونجاوە |

ب- جێگیرکردنی فۆرمی توێژینەوەکە :جێگیر کردنی فۆرمی توێژینەوەکە واتە پلەی پابەند بوونی لێتوێژەران بەو وەڵامانەی کە داویانەتەوە. بۆ هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆرمەکە ئەگەر وەڵامەکانیان نەگۆڕ یان بە هەمان شێوە بوو یان نزیك لە نەگۆڕ بوو لە دووبارە کردنەوەیانداو لەکاتە جیاوازەکاندا، مانای وایە ئەو فۆرمە شایانی جێگیر کردنە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە وەڵامەکان ناجێگیر و بەرز و نزمی تێدا بوو لە کاتی

دووباره کردنەوەیاندا، ئەوا لێرەدا فۆرمەکە شایانی جێگیر کردن نیە(محەمەد،٢٠١٣،ل٢١٦). بۆ جێگیرکردنی پێوەری توێژینەوەکە، توێژەران ڕێگەی دووبارە ئەزموونکردنەوە(اعادە الاختبار) بەکارهێناوە. ئەویش بە دووجار دابەشکردنی پێوەرەکە بەسەر (١٥) بەساڵاچوودا. لەجاری یەکەمدا ئەو نمرانەی بەدەستهاتن تۆمارکران. پاشان دوای(١٠) ڕۆژ جارێکی تر هەمان فۆرم بەسەر هەمان ئەو کەساندا دابەش کرایەوەو کۆمەڵێك نمرەی تر بەدەستهاتن ئەویش تۆمار کرا. دواتر بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ئەو نمرانەی لە جاری یەکەم‌و دووەمدا بەدەستهاتن، هەستاین بە بەکارهێنانی یاسای پەیوەستبوونی( سپێرمان). دەرکەوت بەهای جێگیر بوونی فۆرمی توێژینەوەکە دەکات(٠,٨٣). کە مانای شیاوی جێگیکردنی فۆڕمەکە دەگەیەنێت.

٢. تێبینی: یەکێکیتر لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، بریتیە لەتێبینی کردنی بابەتیانەو مەبەستداری توێژەر لەڕێگەی هەستەکانی بینین‌و بیستنەوە سەرنجەدەدات، بەبێ ئەوەی پشت بەڕاو بۆچوونی کەسەکە ببەستێت‌و زانیاری وەڵامدەر لە ڕێی دانپیانان‌و دەربڕینی خۆییەوە کۆبکاتەوە (بۆکانی، ٢٠١٦،ل١٦٩). لەبەرگرنگی ئەم ئامرازە، هەوڵدراوە لەکاتی دابەشکردن‌و پڕکرنەوەی پێوەری توێژینەوەکەدا، بۆ دڵنیا بوون لە ڕاستی وەڵامی بەساڵاچووان بۆ ئەو بڕگانەی کە ئاراستەیان دەکرا، تێبینی هەندێك هەڵوێست‌و بارودۆخی جیاواز بکرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:** بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کارە ئامارییەکانی توێژینەوەکەو دەرهێنانی ئەنجامەکان، توێژەران بەرنامەی ئاماری(SPSS)یان بەکارهێناوەو. هەروەها سوودمەندبوون لە هەریەك لەم هاوکێشە ئامارییانەی لای خوارەوە:

١. ناوەندەژمێرەیی.
٢. لادانی پێوەری.
٣. ئامرازی ئاماری سپێرمان.
٤. هاوکێشەی دەرکردنی پلەی بەهێزی بڕگە.
٥. ئامرازی ئاماری(ت)بۆ یەك نمونەو دوو نمونە.

## بەشی چوارەم- خستنەڕوو گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین وەڵامی زانستی دروست بۆ ئامانجەکان کە دەبنە ئەنجام بۆ توێژینەوەکە ئامادەبکەین، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری گونجاوەوە.

**ئامانجی یەکەم- دەستنیشانکردنی ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا:**

بۆ مەبەستی دیاریکردنی ئاستی گونجاندنی بەساڵاچووان لەنێو خێزاندا هەستاین بە دەرکردنی هەریەك لە ناوەندی تیۆری و ناوەندی ژمێرەیی، لە نمونە(١٢٦) یەکەییەکەدا. پاشان بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.tests)، ئەم ئەنجامانەی ناو خشتەکەمان دەستکەوت:

خشتەی(٤) ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا


| بابەت | قەبارەی نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی تیۆری | بەهای(t) | | بەئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| دیاریکردنی ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان. | ١٢٦یەکە | ١٢٦,٩١ | ١٢,٧٥ | ١٢٦.٥٠ | ١١١,٦٦٢ | ١,٩٨٤ | جیاوازی هەیە (کاریگەرە) |

بەپێی خشتەی(٤)دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەی گونجاندنی بەساڵاچووان لەنێو خێزاندا(١٢٦,٩١)، گەورەترە لەناوەندی تیۆری(١٢٦,٥٠). ئەمەش مانای ئەوەیە، گونجاندنی کۆمەڵایەتی بۆ بەساڵاچووان لەنێو خێزاندا لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە. پاشان بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەو ڕاستییە، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی(t)، دەرکەوت کە لەڕووی ئامارییەوە، جیاوازی کاریگەر بوونی هەیە لەنێوان ناوەندی تیۆریو ناوەندی ژمێرەی بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا. ئەوەش جارێکی تر بەڵگەی زانستییە بۆ بوونی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لەنێو خێزاندا.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەو ڕاستییە زانستییەیە کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکانەوە بۆمان دەرکەوت، کەهەرچەندە گونجاندنی کۆمەڵایەتی لەنێو بەساڵاچوواندا بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی کەمی ئەو بڕە جیاوازییەی کەلە نێوان ناوەندی ژمێرەییو ناوەندی تیۆری لەسەر پێوەری توێژینەوەکە بۆ وەڵامی لێتوێژەران دەرکراوە، دەردەکەوێت کەئاستێکی پێویستو بەرز لە گونجاندنی کومەڵایەتی لای بەساڵاچووان نابینرێت. شێوەی(١) بەڵگەی ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە هاوشان بە پلەی بەهێزی ئەو بڕگە نێگەتیڤانەی

کەلە ئامانجی(٢)ی، توێژینەوەکەدا لەکۆی(٢١) بڕگەی نێگەتیڤ (٨) بڕگەیان دەرچوون، بە زۆر بەهێز و بە بەهێز. ئەم ئەنجامەش بەو شێوەیە ئەشێ بوترێت کەتەنها بۆ تاکە هۆکارێك یان دوو هۆکار ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بارودۆخی بەساڵاچووان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەگەڕێتەوە، کە چەندین قەیران لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوونیان هەیەو بەشێوە یەکی نێگەتیڤ کاریگەری خۆیان بەسەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانەوە نیشاندەدەن. لەوانە دۆخی ئابووری خراپی کۆمەڵگەی کوردیو قەیرانی دارایی کە لەهەموو گروپێك زیاتر ئەتوانین بڵێین بەساڵاچووان زەرەرمەند بوون لێی. چونکە ئەم گروپە لەهەموو گروپەکانی تری ناو کۆمەڵگە زیاتر پێویستی بەسەقامگیری و ئاسایشی ئابوورییە لەهەر کاتو ساتێکدا بەهۆی زۆری پێداویستیە تایبەتیەکانیانەوە، لەلایەنی تەندروستی و شێوازی خواردنی تایبەتو هاوشان بەوەی کە زۆرێك لەم گروپە وەك لە زانیارییە دیمۆگرافیەکاندا دەرکوتووە، بێ کارو بێ مووچەن بەڕێژەی (٥٤,٧٦٪)ە، هەروەها ڕێژەی(٢٣,٨٠٪) خانەنشینن‌و مووچەی خانەنشینیش لە ئێستاداو لەم دۆخی قەیرانی داراییەدا لەوپەڕی خراپیدایە، بە هۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە. لەلایەکی تر نائارامی دۆخی سیاسیو ناڕۆشنی ئایندە لەم کۆمەڵگەیەدا، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە تەواوی کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکانی گرتۆتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش هاوشان لەگەڵیاندا کە هەرچەندە ناکرێت دەرگای ئەم گۆڕانکارییانە لەخۆمان دابخەین، بەڵام لەڕاستیدا ئەم گۆڕانکاریانەو بەو شێوە خێرایە کارێکی قورس و ماندووکەرە بۆ بەساڵاچووان .

**شێوەی(١) جیاوازی نێوان ناوەندی تیۆری و ناوەندەژمێرەیی بۆ وەڵامی بەساڵاچووان لەپێوەری توێژینەوەکەدا دەخاتەڕوو**



**ئامانجی دووەم- دەستنیشانکردنی دیارترین ئەو بارودۆخە دەروونیو کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤانەی کە لای بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا بەدیدەکرێت:**

بۆ وەڵامدانەی ئەم ئامانجە هەستاین بەدەستنیشانکردنی پلەی بەهێزی تەواوی بڕگە نێگەتیڤەکان تاوەکو لە ئەنجامدا، ئەو بارو دۆخانەمان بۆ دەرکەوێت کە بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا هەستی پێدەکەن و کاریگەری نەرێنیان هەیە لەسەر بەدیهێنانی ئاستێکی بەرز بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتییان،خشتەی(٥) تەواوی ئەو بڕگە بەهێزە نێگەتیڤانە دەخاتەڕوو:

خشتەی(٥) بڕگە نێگەتیڤە کاریگەرەکان لەسەر گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا

| ژمارەی بڕگە | بڕگەکە | پلەی بەهێزی بڕگەکە | بڕیار لەسەر هێزی بڕگەکە |
|---|---|---|---|
| بڕگەی(٣٤) | هەست بە پەراوێزخستنم دەکەم لەنێو خێزانەکەمدا. | ٣.٣٦ | زۆر بەهێز |
| بڕگەی(٢٨) | هەست بەخۆشەویستی دەوروبەرەکەم ناکەم. | ٣,٢٣ | بەهێز |
| بڕگەی(٣٢) | هەست بە بێزاری دەکەم کاتێك لەگەڵ کەسێکی لەخۆم بچوکتر دادەنیشم. | ٣,٠٧ | بەهێز |
| بڕگەی(١٨) | ئارەزووی گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کەسانی چوار دەورم ناکەم. | ٢,٩٨ | بەهێز |
| بڕگەی(٣٦) | ئارەزووی ئەنجامدانی کاری نوێ ناکەم. | ٢,٨٤ | بەهێز |
| بڕگەی(٤٠) | لەدۆخی ئێستای خۆم ناڕازیم. | ٢,٦٩ | بەهێز |
| بڕگەی(٢٢) | هەست بەبێ هیوای دەکەم لەژیانمدا. | ٢,٦٦ | بەهێز |
| بڕگەی(٥٠) | شەوانە خەونی ناخۆش دەبینم. | ٢,٦٠ | بەهێز |

هەریەك لەم (٨) بڕگەیەی سەرەوە، کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی گونجاندنی بەساڵاچووان و بەپلەی بەهێزی جیاواز، بەڵام تەواوی ئەم بارودۆخانە ئەشێ بگەڕێنەوە بۆ چەند هۆکارێکی گەورەترو کاریگەرتری نێگەتیڤ، کە بەڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ توانیویانە ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان دابەزێنن. ئەگەر سەیری هەریەك لەبڕگەکانی ناو خشتەکە بکەین، نیشانەی کەمبوونەوەی گرنگیپێدان دەدات لەچوارچێوەی خێزانو ئەندامانی نزیك لە خێزان بۆ بەساڵاچووان، کە

هۆكارەكەی نەپەرژاندنی خێزانە بە بەساڵاچووان و قورس بوونی ئەركەكانی خێزانە لەئێستادا، بۆ بەڕێكردنی ژیان. سەرەڕای لاوازی دامەزراوەكانی كاروباری كۆمەڵایەتی بۆ كەم كردنەوەی ئەركەكانی خێزان لەهاوكاریكردنی بەساڵاچووان و یارمەتیدانیان بۆ گونجاندنیان لەچوار چێوەی خێزاندا، هەروەها تەواوی ئەو گۆڕانكارییە خێرایانەی بواری تەكنەلۆجی و سەرقاڵكردنی ئەندامانی خێزان پێیەوەو گرنگینەدان بە بەساڵاچووان و زۆرجاریش نەپەرژاندن بۆ بەسەركردنەوەیان وەك پێویست، ئەشێ هۆكارێكی تربێت بۆ كەمكردنەوەی ئارەزووی بەساڵاچووان لە گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو تێكەڵبوون بە ئەندامانی خێزان و كەسانی نزیك لێیانەوە. هەست نەكردن بە خۆشەویستی كە جاران لەنێو خێزاندا بوونی هەبوو بۆ بەساڵاچووان، وورده وورده نائومێدیو بێزاری لێ دەكەوێتەوە. بەشێوەیەك كاریگەری بەرچاوی لەسەر بیرو هزری بەساڵاچوودا دەبێت. تەنانەت ڕەنگدانەوەی لەسەر خەو و كاتی پشووەكانیشیان هەیە.

**ئامانجی سێیەم- دەستنیشانكردنی دیارترین ئەو بارودۆخە دەروونیو كۆمەڵایەتییە پۆزەتیڤانەی كەلای بەساڵاچووانی نێو خێزان بەدیدەكرێت:**

بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم ئامانجە، هەستاین بە جیاكردنەوەی بڕگە نێگەتیڤەكان لە بڕگە پۆزەتیڤەكانی ناو پێوەری توێژینەوەكە. پاشان دەركردنی پلەی بەهێزی بۆ بڕگە پۆزەتیڤەكان. لە ئەنجامدا تەنها (٤)بڕگەی پۆزەتیڤ لەنێو(٢٣) بڕگەی پۆزەتیڤدا بە پلەی زۆر بەهێزو بەهێز دەركەوت، كەلە خشتەی(٦)خراونەتەڕوو:

خشتەی(٦) بڕگە پۆزەتیڤە كاریگەرەكان لەسەر گونجاندنی كۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی كورد لەنێو خێزاندا

| ژمارەی بڕگە | بڕگەكە | پلەی بەهێزی بڕگەكە | بڕیار لەسەر هێزی بڕگەكە |
|---|---|---|---|
| بڕگەی(١١) | بەشداری كۆبوونەوەی ئەندامانی خێزانەكەم دەكەم بۆ گفتوگۆ دەربارەی چارەسەركردنی كێشەكان. | ٣,٩١ | زۆر بەهێز |
| بڕگەی(٤٥) | ڕۆژانە بەشێك لەكاتەكانم بە جێبەجێكردنی ئەركە ئایینیەكانەوە بەسەردەبەم . | ٣,٥٢ | زۆر بەهێز |
| بڕگەی(٢١) | هەست بە خۆشی دەكەم كاتێك كە ئەندامانی خێزانەكەم لەدەوری خۆم دەبینمەوە. | ٣,٤٥ | زۆر بەهێز |
| بڕگەی(٣٩) | ڕۆژانە بەشێك لەكاتەكانم بە گوێگرتن لەڕادیۆو سەیركردنی كەناڵەكانی تەلەفیزیۆنەوە بەسەردەبەم. | ٢,٤٦ | بەهێز |

هەریەك لەم چوار بڕگەیەی ناو خشتەکە، کە بەپلەی بەهێزی باش دەرکەوتوون و کاریگەری پۆزەتیڤیان هەیە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە بەساڵاچووان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەرموگوڕیو توندوتۆڵیان پێوە دیارە. بەتایبەت لەکاتی بوونی کێشەو قەیرانەکاندا، بەسەر کردنەوەی بەساڵاچووان بۆ بەشداری کردن لەچارەسەرکردنی کێشەکان و بەلەبەرچاو گرتنی ئەزموونەکانیان، کاریگەریو ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەسەر بەهێزکردنی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان. هەروەها بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پابەندبووە بە بنەما ئاینیەکانەوە، هاوکات مرۆڤ تاوەکو لەتەمەندا بەرەو پێش بڕوات زیاتر پەیوەست دەبێت بەبیروباوەڕو ئاینەکەیەوە، پابەندبوونی ئاینش وەك فاکتەرێکی هاوکارە بۆ بەرزکردنەوەی پرۆسەی گونجاند دادەنرێت، بۆیە پابەندبوونی بەساڵاچووانی کورد بەبنەما و بیروباوەڕی ئاینییەوە هۆکارێکی یارمەتیدەری ترە بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتییان. لەلایەکی تر، ئەوەی تایبەت بێت بە بەڕێکردنی کاتەکانی بەساڵاچووان، لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەتایبەت لەم چەند ساڵانەی دواییدا، کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن،کارکردنی هەندێکیان لەسەر ئالودەکردنی خەڵك بەگشتی و بەساڵاچوانیش وەك گروپێکی تایبەت، بەدراما و بەرنامە دۆبلاژکراوە تورکییەکانەوە وایکردووە کەکاتەکان بۆ هەموان و بەتایبەتیش بۆ بەساڵاچووان بەخێراتر گوزەر بکات و بێزاری و کاتی زیادەیان لێ کەم بکاتەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە دەرچوونی بڕگەی(٣٩)یە، وەك بڕگەیەکی بەهێزی کاریگەر لەسەر پرۆسەی گونجاندنی کۆمەڵایەتی لە خشتەکەدا.

**ئامانجی چوارەم- دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی جیاوازی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا بەپێی گۆڕاوەکانی: (تەمەن ، ڕەگەز، باری خێزانی، ئاستی بژێوی):**

بۆ دڵنیابوون لە ئەگەری بوونی جیاوازی واتایی لەنێوان چەند گۆڕاوێکی دیمۆگرافی ناو توێژینەوەکە، سەبارەت بەگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان، هەستاین بەئەنجامدانی چەند شیکارێکی ئاماری وەك لە خشتەی(٧)دا ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی(٧) ئەنجامی هاوکێشەی ئاماری(t)بۆ ڕوونکردنەوەی وەڵامدانەوەی چەند گۆڕاوێکی جیاواز لەتوێژینەوەکەدا بەرامبەر بەگونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووانی کورد لەنێو خێزاندا**

| بابەت | | قەبارەی نمونە | ناوەندەژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(t) بەدەستهاتوو | بەهای(t) خشتەیی | بەئاستی دەلالەتی(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | (٦٠-٧٩) | ١١٠ | ١٢٧,٧٠ | ١٢,٣٣ | ١,٨٥٥ | ١,٩٨٤ | جیاوازی نیە (کاریگەرنی یە) |
| | (٨٠-٩٩) | ١٦ | ١٢١,٤٣ | ١٤,٦٤ | | | |
| ڕەگەز | نێر(١) | ٦٧ | ١٢٩,٤١ | ١٢,٣٧ | ٢,٣٩٣ | | جیاوازی هەیە(کاریگەرە) |
| | مێ(٢) | ٥٩ | ١٢٤,٠٦ | ١٢,٦٨ | | | |
| باری خێزانی | ڕەبەن+تاکمردوو(١،٤) | ٣٢ | ١١٩,٩٠ | ١١,٧٤ | ٣,٧٨ | | جیاوازی هەیە(کاریگەرە) |
| | خێزاندار(٢) | ٩٤ | ١٢٩,٢٩ | ١٢,٢٥ | | | |
| ئاستی بژێوی | باش+ناوەند(١،٢) | ١٠٥ | ١٢٨,٢٥ | ١٢,٧٧ | ٢,٧١ | | جیاوازی هەیە(کاریگەرە) |
| | خراپ(٣) | ٢١ | ١٢٠,١٩ | ١٠,٥٤ | | | |

١. تەمەن: بۆ گۆڕاوی تەمەن، جیاوازی واتایی بوونی نیە. چونکە بەهای(t) بەدەستهاتوو(١,٨٥٥)، بچووکترە لەبەهای(t) خشتەیی(١,٩٨٤)، بە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و پلەی ئازادی(١٢٤)، وەك لە خشتەی(٧)خراوەتەڕوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان(٦٠-٧٩)ساڵیدایە هەمان وەڵامدانەوەیان بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتیان دەبێت بەبەراورد بەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان(٨٠-٩٩) ساڵیدایە. واتا جیاوازی کاریگەر لەڕووی ئامارییەوە بۆ وەڵامدانەوەی گونجاندنی کۆمەڵایەتیان بەدیناکرێت بەپێی گۆڕاوی تەمەن.

٢. ڕەگەز(نێر-مێ): بەڵام بۆ گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی واتایی بوونی هەیە لەنێوان ڕەگەزی(نێر و مێ)بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەساڵاچووان لەنێو خێزاندا. خشتەی(٧) زیاتر ئەم ڕاستییە ڕووندەکاتەوە کەبەهۆی ئەوەی ئەنجامی(t) بەدەستهاتوو(٢,٣٩٣)، گەورەترە لە(t) خشتەیی(١,٩٨٤)، بە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و پلەی ئازادی (١٢٤). ئەم جیاوازییەش لەبەرژەوەندی ڕەگەزی(نێر)دایە، چونکە بەهای ناوەندە ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر(١٢٩,٤١) گەورەترە لەبەهای ناوەدەژمێرەی ڕەگەزی مێ(١٢٤,٠٦). ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بە ساڵاچووانی ڕەگەزی نێر ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتیان بەرزترە لەنێو خێزاندا وەك لە ڕەگەزی مێ. هۆکارەکەی ئەشێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی ژیان بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا لەنمونەیان کۆمەڵگەی کوردی، جیاوازییەکی ئاشکرای تیا بەدیدەکرێت لەشێوازی

مامەڵەکردن لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا. هەمیشە فرسەتی گونجاندنو بنەماکانی گونجاندن بۆ ڕەگەزی نێر بەردەستترو کراوەترە وەك لەڕەگەزی مێ. ئاستی توندوتیژیو مامەڵەکردنی زبر بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ لەم کۆمەڵگەیانەدا هێشتا بەرچاوو دیارن. ئەم بارودۆخانە پاڵەپەستۆی دەروونیو ڕەوشی کۆمەڵایەتی نەخوازراو بۆ ڕەگەزی مێینە دروستدەکات. وادەکات کە گونجاندنی کۆمەڵایەتی رەگەزی مێ بەبەراورد بەڕەگەزی نێر، لەتەواوی قۆناغەکانی ژیانیدا وەك یەك نەبێت.

٣. باری خێزانی(ڕەبەن و تاکمردوو، خێزاندار): سەبارەت بە باری خێزانی بەهەمان شێوەی دوو گۆڕاوەکەی پێشوو جیاوازی واتای بوونی هەیە. چونکە بەهای(t) بەدەستهاتوو(٣,٧٨)، گەورەترە لە(t) خشتەیی(١,٩٨٤)، بە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥)و پلەی ئازادی(١٢٤). هەروەها لەبەرژەوەندی بەساڵاچووانی خێزانداره بەبەراورد بە بەساڵاچووانی ڕەبەنو تاکمردووەکان. چونکە ناوەندی ژمێرەی بەساڵاچووانی خێزانداران(١٢٩,٢٩)، گەورەترە لەناوەندە ژمێرەیی بەساڵاچووانی ڕەبەنو تاکمردوو کە(١١٩,٩٠)یە. خشتەی(٧) ئەم ڕاستییە زیاتر ڕووندەکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەساڵاچووانی خێزاندار ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتیان بەرزترە وەك لە تاکمردووان و ڕەبەنەکان ، ئەم ئەنجامەش ئەو ڕاستتیە دووپات دەکاتەوە کە مرۆڤ هەمیشە لە دۆخی خێزانیو لە ئامێزی دۆستانو خۆشەویستە نزیکەکانی وەك ئەندامانی خێزانەکەیدا، توانای گونجاندنی کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. تاوەکو پەیوەندییەکانی نێو خێزان بەرفراوانترو گەرم و گوڕترین، ئەگەرەکانی گونجاندنیش زیاتر دەبێت. کە زۆرجار بەراورد ناکرێت بەهیچ پەیوەندییەکی بەدەر لەم دامەزراوەیە. پەیوەندی هاوسەرەکان لە قۆناغی بەساڵاچوودا، زۆرجار دەگەڕێتەوە قۆناغە سەرەتاییەکانی هاوسەرگیری، کە پڕن لە سۆزو خۆشەویستیو خۆتەرخانکردن بۆ یەکتر. ئەمەش ئاستی گونجاندن بەرزتر دەکاتەوە. بەڵام نەبوونی هاوسۆزو هاودەم، ئەشێ ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتی کەمتر بنوێنێت بەهۆی زیادبوونی دۆخی تەنیاییو هەست نەکردن بەگرنگی پێدانو زیادبوونی ئەگەری توشبوون بە خەمۆکی.

٤. ئاستی بژێوی(بەرزو ناوەند – نزم): بۆ گۆڕاوی ئاستی بژێوی، لە ئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی(t) دەردەکەوێت، کە جیاوازی واتایی بوونی هەیەو لەبەرژەوەندی بەساڵاچووانی ئاست بژێوی بەرزو ناوەندان. چونکە ناوەندە ژمێرەیی ئەو بەساڵاچووانەی ئاستی بژێویان بەرزو ناوەندە(١٢٨,٢٥)ە، گەورەترە لەو بەساڵاچووانەی ئاستی بژێویان نزمە(١٢٠,١٩)، وەك لە خشتەی(٧)دا خراوەتەڕوو. هۆکاری ئەم ئەنجامە بەو شێوەیە، ئەشێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی ئاستی بژێویان بەرزو ناوەندە، زۆرجار کێشەیان کەمترە بەبەراورد بەو بەساڵاچووانەی کە ئاستی بژێویان نزمە. بوونی کێشەو گرفت لەهەر لایەنێك لە لایەنەکانی ژیاندا،

جا چ ئاستی بژێوی بێت یان هەر بوارێکی تر، ئاستی گونجاندن بەگشتی دادەبەزێنێت. بەڵگەی ئەم ئەنجامە ئەوەیە کە لەپەڕەی(٦)ی، لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا هەندێك لە شارەزایان پێیان وایە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆو پتەو لە نێوان ئاستی بژێوی‌و گونجاندنی بەساڵاچووندا هەیە، بەجۆرێك تا ئاستی بژێوی بەساڵاچوو گونجاو و لەبار بێت، ئاسانتر دەتوانێت خۆی لەگەڵ قۆناغی پیریدا بگونجێت.

## ڕاسپاردەو پێشنیار:

### یەکەم – ڕاسپاردەکان:

١. هەوڵی حوکومەت بۆ گرنگیدان بە بەساڵاچووان‌و سەیرنەکردنیان وەك گروپێکی زیادو کەم توانا. بەڵکو بەپێچەوانەوە سوود وەرگرتن لەتواناو وزەی بەساڵاچووان لەڕێگەی ئەو ئەزموونانەی کە هەیانەو ئەتوانرێت کۆمەڵگەی کوردی پێ بەرەو پێشەوەببرێت.

٢. هەوڵی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەنجامدانی سیمینارو وۆرك شۆپ لە نێو گەڕەکەکاندا، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەساڵاچووانی نێو خێزان، تاوەکو ئاستی گونجاندنی کۆمەڵایەتیان بەرز بێتەوە. بەمەش کێشەکانیان بەردەوام لە کەم بوونەوەدا دەبێت.

٣. پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەنێو بەرنامەو پرۆگرامەکانیاندا، شوێنی خواست‌و ئارەزووەکانی بەساڵا چووان بکاتەوەو بەرنامەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکات، کە سوودمەندبێت بۆ ئەو قۆناغەی تەمەن. هاوکات، یارمەتیدەریش بێت بۆ ئاشناکردنیان بە گرنگی‌و پێویستی گونجاندن لە قۆناغی بەساڵاچوویدا.

### دووەم– پێشنیارەکان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەرفراوانتر لەسەر بەساڵاچووان، کە تەواوی بەساڵاچووانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە لە تەواوی پارێزگاکاندا.

٢. هەوڵبدرێت توێژینەوە لەسەر گونجاندنی بەساڵاچووان لە ڕەهەندەکانی تردا ئەنجامبدرێت وەك گونجاندنی خودی و دەروونی بەساڵاچووان .

٣. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر گونجاندنی بەساڵاچووان لەبوارەکانی ئابووری و سیاسی و ئاینی و تەندروستی .

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە عەرەبییەکان**


١. أحمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٧.

٢. احسان محمد الحسن، مناهج البحث الاجتماعي، دار الوائل للنشر، ط ١ ، عمان، الاردن، ١٩٨٥.

٣. حامد عبدالسلام زهران، الصحة النفسية و العلاج النفسى،ط٤،عالم الكتب،القاهرة،١٩٨٨.

٤. ذوقان عبيدات و سهيلة ابو السميد، البحث العلمي البحث النوعي البحث الكمي، دار الفكر للنشر والتوزيع، ط ١، عمان، الاردن ، ٢٠٠٢ .

٥. سليم أبو عوض، التوافق النفسى للمسنين، ط١، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٨.

٦. سناء محمد سليمان، مرحلة الشيخوخة و حياة المسنين بين الامال و الالام، ط١، عالم الكتب، قاهرة، ٢٠٠٨.

٧. سوزان ميند، الشيخوخة فى مكانى الذى أعيش فية (العناية المنزلية بالمسنين فى المنطقة اسيا و المحيط الهادي)، ت:عبد الجبار الاتروشى، ط١، مطبعة خبات،٢٠٠٢.

٨. صابر بوضرغم، خطوات البحث الاجتماعى ،دار الافاق الجديدة، ط١، بيروت، ٢٠٠٠.

٩. صفا عيسى صيام، سمات الشخصية و علاقتها بالتوافق النفسى للمسنين فى محافظات غزة، (رسالة ماجستير منشورة)، جامعة الازهر،كلية التربية، قسم علم النفس،٢٠١٠.

١٠. على جاسم عكلة الزبيدى، سيكولوجيا الكبر و الشيخوخة، ط١، إثراء للنشر و التوزيع،عمان، الاردن، ٢٠٠٩.

١١. عبداللطيف محمد خليفة, دراسات في سايكولوجية المسنين, دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة , ١٩٩٧

١٢. فؤاد البهى السيد،الأسس النفسية للنمو من الطفولة إلى الشيخوخة،ط٤،دار الفكر العربى،١٩٧٥.

١٣. فوزي غرايبة واخرون ، اساليب البحث العلمي في العلوم الاجتماعية والانسانية ، دار الوائل للنشر ، ط١ ، الاردن، ٢٠٠٣.

١٤. كامل علوان الزبيدى ، علم النفس الشيخوخة، ط١، دار الوراق للنشر و التوزيع، عمان –الاردن، ٢٠٠٩.

١٥. كاريت جيل ، إضافة الصحة الى السنين (كتاب أساسى حول صحة المسنين، ت: عبد الجبار الاتروشى، الطبعة١، مكتب وارفين، دهؤك، ٢٠٠٢.

١٦. محمود حسن ،الاسرة و مشكلاتها،دار النهضة العربية للطباعة و النشر ، بيروت، ١٩٦٧.

١٧. مصطفى محمد أحمد الفقى، رعاية المسنين بين العلوم الوضعية والتصور الاسلامى، مكتبة الجامعى الحديث، ٢٠٠٨.

١٨. موسى الخطيب، كيف تعيش حياتك بعد الستين، ط١، دار الفاروق الاستثمارات الثقافية، ٢٠٠٨.

١٩. محمد أزهر السماك وآخرون ، اصول البحث العلمي ، دار الكتب للطباعة والنشر ، ط ١ ، جامعة الموصل، ١٩٨٦.

٢٠. نورهان منير حسن و محمد سيد فهمي ، الرعاية الاجتماعية للمسنين،مكتبة الجامعية، الاسكندرية،٢٠٠٠.

٢١. يحيى مرسى عيد بدر ، المسنون فى عالم متغير مقدمة فى علم الشيخوخة، ط١، دار الوفاء للطباعة والنشر ، الاسكندرية، ٢٠٠٧.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

٢٢. ئومێد فایەق قەرەداغی، پیری و چارەنوسێکی حەتمی و شکستە گۆڕانێکی بێشومار، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٣. سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا، سلیمانی، ٢٠١٦.

٢٤. ڕێکخراوی دەنگی پیران،بەساڵاچوانی تەندروست هێزن بۆ کۆمەڵگا، سلیمانی، ٢٠٠٨.

٢٥. سەمیرە ئەحمەد سەید،فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی،و: خەسرەو میراودلی،چاپی دووەم،چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٩.

٢٦. کوردستان عمر محەمەد، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا،چاپخانەی بینایی، چاپی١، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢٧. ملیحه عونی القصیر و صبیح عبدالمنعم احمد, سۆسیۆلۆجیای خێزان , و. صابر بکر بۆکانی, چاپی یەکەم , سلیمانی , چاپخانەی داناز، ٢٠٠٢ .

## <u>خلاصة البحث باللغة العربية</u>

من البديهي إن حياة الإنسان تمر بمراحل عمرية متعددِة ومختلفة، تحمل كل منها خِصال محددة تميزها عن أقرانها من المراحل . ولكن رغم تلك الفوارق والإختلافات، هناك مشتركات أساسية وضرورية، لا يمكن لأية منها، أي تلك المراحل، التغاضي عنها وتفرض نفسها عنوة عليها، حيث لايمكن للحياة أن تستمر إستمراراً طبيعياً سلساً من دونها. ومن أهم هذه المشتركات هي عملية توافق الإنسان مع المحيط الإجتماعي.

ولكن هذا لايعني بأن الشخص المتوافق مع المحيط، وفي مختلف أشكاله الإجتماعية والنفسية والذاتية وغيرها، يكون محمياً تماماً وبشكل مطلق، من جُل المشاكل والعراقيل المجتمعية ولا يداهمه صعوبات الحياة فيه، ولكنه يكون قادراً على مواجهتها ومعالجتها بشكل أفضل من غيره الذي لم يتمكن من التوافق معه، أي مع محيطه الإجتماعي . إذ أن إستجابة الشخص المتوافق إجتماعياً للمشاكل والتغيرات التي تحدث حوله، يكون

إستجابة صحية ناعِمة ونابعة من نظرته الواقعية للحياة والبعيدة عن التخيلات والتصورات التي لايمكن تحقيقها إلا في الأحلام .

من هنا، أردنا، نحن الباحثين، في بحثنا هذا، ربط هذا المتغير، أي التوافق الإجتماعي، الذي يعد من أهم أبعاد التوافق، مع مرحلة من مراحِل حياة الإنسان والتي هي الشيخوخة. إذ أن الشخص الواصل إلى هذه المرحلة، يكون مالكاً لمجموعة من الخصائص والتجارب والخبرات التي تجعله قادراً على التوافق الإجتماعي وفي مستوياته العليا، يُمكنه من الإستمرار والتفاعل مع الحياة، وفي موعضم أبعاده، بسلاسة وهدوء وبشكل صحي.

يتكون هذا البحث من بابين، الأول منها خُصِصت للجانب النظري وتتكون من فصلين، الأول منها يتناول (المكونات الأساسية) للبحث، والثاني منها يتناول (تغيرات الشيخوخة ونظريات الخاصة به، أما الباب الثاني، خُصِصت للجانب الميداني وتتكون من فصلين، الأول منها يتناول (الإطار المنهجي للبحث)، والثاني منها يتناول (عرض نتائج البحث ومناقشته).

ومن أهم النتائج التي أدركها البحث، عُقب التحليل الإحصائي لمضامين ردود أفراد عينة البحث، هي:

١. إن التوافق الإجتماعي لكبار السن، وصل إلى مستويات لابأس بها في الأسرة الكردية .

٢. هناك حالات وظروف محددة في إقليم كردستان، أثرت سلبياً على التوافق الإجتماعي لكبار السن في إقليم كردستان .

٣. هناك حالات وظروف نفسية محددة، أثرت إيجابياً على التوافق الإجتماعي لكبار السن في إقليم كردستان.

٤. لم يكن لمتغير العمر، أية تأثير على ردود المبحوثين، تجاه عملية التوافق الإجتماعي في إقليم كردستان .

٥. هناك إختلافات وفروق أحصائية مؤثرة بين ردود المبحوثين، وفقاُ لمتغيرات (الجنس والحالة الأسرية والمستوى المعيشي)، تجاه عملية التوافق الإجتماعي في إقليم كردستان .

وأخيراً، عرض البحث مجموعة من المقترحات والتوصيات المتعلقة بموضوع البحث وقائمة المصادر التي أستخدمها الباحثين والملاحق الضرورية، فضلاً عن ملخصين للبحث باللغة العربية والإنكليزية .


## Research Summary

It is obvious that human life goes through many different stages, each stages carries specific characteristics that distinguish it from its peers from the stages.

But despite these alterations and differences, there are essential and necessary participants, none of which can condone and impose upon themselves. Life cannot go on without a smooth natural continuation. The most important of these is the phenomenon of human adaptation to the social environment.

But this does not mean that people who adapt to the environment, and in all its social, psychological, personality and other forms, are completely protected from most social problems and obstacles, and are not affected by the difficulties of life. But it is better to manage the life with them than others who cannot survive with them and with the social environment.

The responding of the socially adaptive person for the problems and changes that occur around him, is a soft health response stemming from his realistic view of life and far from fantasies and perceptions that can only be achieved in dreams.
Therefore, in this research, we sought to link this variable, social adjustment, which is one of the most important dimensions of adaptation, to one of the most important stages of human life, which is aging.
The person, who comes to this stage, holds usual characteristics, skills and experiences that make him socially capable and at the highest levels able to continue and interact with life, and in its dimensions, in a smooth, calm and healthy manner.
This research is divided into two parts. The first Part includes three sections. The first one deals with the basic components of research, the second deals with (changes in aging and their problems, as well as family functions), and the third deals with the relationship between social adjustment for adults Age by a set of variables and theories of its own, ie by social adjustment).
The second part consists of two sections, the first one deals with the (methodological framework of the research), and the second deals with (presenting and discussing the results of the research).
The most important results of the research, following the statistical analysis of the contents, are:
1. The social adjustment of the elderly has reached the highest levels in the Kurdish family.
2. There are specific cases and conditions in the Kurdistan Region that have negatively affected the social adjustment of older persons.
3. There are specific cases and psychological conditions that positively affected the social adjustment of the elderly in the Kurdistan Region.
4. The variable of age had no effect on respondents' responses to the social adjustment process in the Kurdistan Region.
5. There are significant statistical dissimilarities and differences between the responses of the respondents, according to the variables (gender, marital status and standard of living) towards the social adjustment process in the Kurdistan Region.
Finally, the research presented a set of proposals and recommendations related to the subject, the list of sources used by the researchers and the necessary supplements, as well as two summaries of the research in Arabic and English.